کوردستان نێت
KURDISTAN NET
رۆژنامەیەکی ئەلەکترۆنی رۆژانەی گشتی سەربەخۆی کوردییە
www.kurdistannet.org
15-10-2007 21:18:24بەکاتی ناوەندی ئەوروپا

# ئەوسا و ئێستا

**هاورێ باخەوان**
**لاهای – هۆڵندا**
2007-10-15

**بەشی 6ەم**:

| ئەوسا | ئێستا |
| --- | --- |
| * ئەوسا بەبەردەم دووکانی زێرنگەرێکدا برۆیشتیتایە، زۆرینەی ئەو خشڵانەی لە پیشانگاکەیدا دانابوو کوردەواری بوون. لەوانە گۆبەرۆك، حێلومێخەك، دوگمە و دۆلاب و لوولەوزنجیر و ملەلیرە و زۆریتر کەمن ناویان نازانم.. | * ئێستا لەو جۆرە خشڵانە لای زێرنگەران نەماون و لەوانەیە هەندێکیان هەر نەشزانن دروستی بکەن. ئێستا پیشانگاکانیان تژی تاقمی خلیجی و عەرەبییە. ئێستا ٪99ی ئافرەتی کورد ئەگەر خشڵ بکرێت و پارەی ببێت ئەوا خشڵی خلیجی و عەرەبی دەکرێت. خشڵە کوردەوارییەکان داوای لەسەر نەماوە و تەنها لەلایەن ژن–ئافرەتانی هەندەرانەوە داوادەکرێن!.. |
| * ئەوسا جیاوازی لەنێوان مێیینەی کوردا نەبوو. ئافرەت و ژن لای هەمووان بەکاردەهێنران بەبێئەوەی ئاماژە بۆ لایەنێکی سیاسی بکات. | * ئێستا مێیینەی کورد کە نیوەی کوردە بووەتە دوو بەش. بەشێکیان ئافرەت و بەشەکەی تریش ژن. ئێستا ژن چارەکی کۆمەڵگەی کوردەوارییە و ئافرەتیش چارەکەکەی تر!. |
| * ئەوسا ناو رەبییەکان جاش و دوژمنی تێدا بوو و پێشمەرگە هێرشی بۆدەکردن. | * ئێستا پێشمەرگە لەناو رەبییەدایە و ئەنسارولئیسلام هێرشیاندەکاتەسەر. |
| * جاران دەمانگووت ساڵ بە ساڵ خۆزگەمان بەپار!. | * ئێستاش هەروا دەڵێین!. |
| * ئەوسا بەگزادەکان سەرۆك جاش و ئەندامی ئەنجوومەنی نیشتمانیی کارتۆنی و خاوەنی دیوەخان بوون. | * ئێستاش هەر سەرکردە و دەستەڵاتدار و خاوەنی دیوەخانن. |
| * جاران هەرچی نووکتە و قسەی سووك و قەشمەرییاتی عەرەب هەبوو لەسەر کەرێتیی کورد | * ئێستاش هەروایە و خراپتریش، بەرادەیەك لە بەغدا بەئەندامە کوردەکانی ئەنجوومەنی نیشتمانیی ئێراقی |

| | |
|---|---|
| بوو. چونکە کورد بریتییە لە پاڵەوانی گەمژەیەتی و کەرێتی لە نووکتە عەرەبییەکاندا. | دەڵێن ئێوە خەڵکی ئەم وڵاتە نین و بۆ ناچنەوە وڵاتی خۆتان! کەچی ئەوان بە پێکەنینەوە دەڵێن: (هی. هی. هی. ئێمەش ئێراقین). |
| * جاران دەبووایە چەند ساڵێك پێشمەرگە بوویتایە و چەند دەورت دیبوویایە و چەند جارێکیش بریندار بکرایتایە! ئنجا ئەگەر ببوویتایەتە فەرماندەی مەفرەزە!. جۆ ئەگەر سەرلك یان فەرماندەی کەرت بوویتایە ئەوا جێی شانازیی نەك خزمەکانت بەڵکو دراوسێکانیشت بوویت. | * ئێستا ئەگەر باوکت یان برات سەرۆکی حیزب بێت, خۆت ئۆتۆماتیکی ئەندامی کارای سەرکردایەتیی حیزبەکەی باوکتی. یان دەبیتە لێپرسراوی پەیوەندییەکانی دەرەوەی حیزبەکەی باوکت. ئەگەر باوکت ئەندامی سەرکردایەتی بێت ئەوا خۆت دەبیتە سەرۆکی بۆ نموونە کەناڵێکی تەلەڤزیۆنی. ئەگەر باوکتت لە 1ی شوباتدا لە کیسچووبێت ئەوا دەبیتە وەزیر یان مودیر عام یانیش هەر هیچ نەبێت ئەندام پەرلەمانییەکەت مسۆگەرە و بۆخۆت لێدە... |
| * ئەوسا ناوی عەرەبی بۆ منداڵان زۆر کەمبووەوە. | * ئێستا ناوی عەرەبی بووەتە دیاردەیەکی بەرچاو. دەشێت لە شارێکی وەکو هەولێردا منداڵێکی بچووک ببینیت ناوی ئوسامە بێت!. |
| * جاران لە تەلەڤزیۆندا کەدەمانبینی (خەڵکانێك لە بەنگلادیش و هندستان و وڵاتە هەژارەکانی ئاسیای دوور بژێوی ژیانیان لەسەر ئەو زبڵ و خۆڵانەیە کە کۆدەکرێنەوە و ئەوانیش بەناوی دەکەون هەرشتێك فلسێکی بکردایە لە هەگبەکەیاندا کۆیاندەکردەوە بۆ فرۆشتن)! زۆرمان پێ سەیر بوو!. | * ئێستا سەیر نییە چونکە خەڵکانێك ئێستا لە کوردستان هەن ئەوەندە هەژارن لەسەر کۆکردنەوەی ئەو زبڵخانانە دەژین!. |
| * ئەوسا لە کوردستان نەخۆشیی ئایدز تەنها لە رادیۆ و رۆژنامەکانەوە دەبیسترا. | * ئێستا بەهۆی خوشکانی عەرەبی چاوڕەشەوە کە لە هەموو شوێنێکی کوردستاندا هەن, ئایدزیش لە زۆر شوێن هەیە. |

ئەوسا: واتا (بەری, پێشی, بەرلەئێستا, جاران, کاتی خۆی و هتد.. بەڵام من لێرەدا مەبەستم لە ئەوسا کاتی پێش راپەڕینەکەی بەهاری 1991ی باشووری کوردستانە, (سەردەمی داگیرکەری عەرەبی ئێراقی).
ئێستا: واتا (هەنووکە, هەنکە, لەم کاتەدا و هتد.. بەڵام من لێرەدا مەبەستم لە ئێستا کاتی دوای راپەڕینەکەی

کوردستان نێت
KURDISTAN NET
ڕۆژنامەیەکی ئەلەکترۆنی ڕۆژانەی گشتی سەربەخۆی کوردییە

www.kurdistannet.org
بەکاتی ناوەندی ئەوروپا15-10-2007 21:18:24

بەهاری 1991ی باشووری کوردستانە تاوەکو ئێستا, (سەردەمی فەرمانڕەوایی کورد).

تێبینی: هەر ڕۆژنامە و گۆڤارێکی کوردی ئازادە لە بڵاوکردنەوەی ئەم زنجیرە بەراودکارییە تێکەڵوپێکەڵە.

[hawreh@bakhawan.com](mailto:hawreh@bakhawan.com)
[http://www.bakhawan.com](http://www.bakhawan.com)